KCFC
Kurdish Creative Film Centre, Green Fish Resource Centre, 46-50 Oldham St, Manchester, M4 1LE
Tel: 0044161 234 2781. Mob: 00447916288095 www.kurdishcreativefilm.com kcfcfilm@yahoo.co.uk

## ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی

## سێیەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە مانچستەر/بەریتانیا

## 2008/9/27-20

لە پێناو بەرەوپێش بردنی پیشەسازی فیلمی کوردی و لێك نزیككردنەوەی تواناكان، ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی سێیەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە مانچستەر ساز دەكات، بۆ ئاشناكردنی شارستانیيەتی کوردی بە شارستانیيەتی نەتەوەكانی تر و دروستكردنی پلاتفۆرمێك بۆ فیلم سازانی کورد كە نمایشی كارەكانیانی تیا بكەن.

فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە دەرەوەی وولات دەتوانێت خزمەتیكی زۆر بە فیلم كارانی کورد بگەیەنێ لە ڕێی نمایش-

كردنی بەرهەمی فیلم كارانی کورد بە دونیای دەرەوەی کوردستان و ئاشنا بوونی بینەرو فیلم كارانی دنیا بە شارستنیەتی فیلمی کوردی و هەمە ئاهەنگیيەك لە نێوان ئەو دوو شارستانیيەتەدا.

فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە مانچستەر هەوڵێكە بۆ دەرخستنی تواناو ڕادەی پێشكەوتنی ڕەوتی پیشەسازی فیلمی کوردی نیشاندانییان بە بینەرانی دەرەوەی کوردستان و لەوێوە هەنگاوی بەرەو پێشەوە بنێین، هەروەها هەلێكی باشیشە كە بینەری کوردو نەتەوەكانی تر كۆ دەكاتەوەو لە نزیكەوە دیالۆگ دروست دەبێت.

كەڵچەی کورد وەك كەڵچەیەكی تازە ئاشنا بە جیهان دێتە بینین بۆ خەڵكی دەرەوەی دنیای کوردستان، بۆیە ئێمەش لەم بوارەدا هەوڵی بێپایانمان خستۆتە گڕ لە پێناو نیشاندانی كەڵچەكەمان بە جیهان و ناساندنی كێشەی ڕەوای کورد لە ڕێی فیلمەوە.

فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە مانچستەر بۆ ماوەی 7 ڕۆژ و لە دووسینەمای پرۆفیشیۆناڵی شاری مانچستەر لە بەرواری 2008/9/27-20 نمایشەكانی ساز دەكات، ئەو سینەمایانەش ئۆدیۆن سینەما و كۆنتاكت ثیيەتەر.

لەم فیستیڤاڵەدا 60 كورتە فیلم، 7 فیلمی سینەمایی درێژ، 15 فیلمی دۆكومێنتاری نمایش دەكرێت، لە گەڵ سازدانی 5 ڕۆژ ۆركشۆپ دەربارەی فیلم سازی بۆ فیلم كارانی کورد لە وولاتی بەریتانیا بۆ گەشەپێدانی تواناكانیان، هەروەها لەم فیستیڤاڵەدا فرسەتێك بۆ لاوانی کورد ڕەخساوە ئەوانەی كە لە بەریتانیا دەژین دەتوانن بیرۆكەی سیناریۆ پێشكەش بە فیستیڤاڵ بكەن، لیژنەی هەڵسەنگاندن هەڵدەستێ بە دەست نیشانكردنی 5 بیرۆكەی بەهێز بۆ گەشەپێدان و دیڤۆلێپ كردنی ئەو 5 بیرۆكەیە بۆ سكریپتی فیلم تا لە ساڵی 2009 دا ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی كاری وێنە بگرتنی بۆ ئەنجام بدات، سازدانی كۆڕی پرسیارو وەڵام لە لایەن سینەماكارانی بانگهێشت كراوەوە، ئەو سینەماكارانەی كە فیلمەكانیان لە فیستیڤاڵەكەدا نمایش دەكرێن، وەك بەهمەن قوبادی، شەوكەت ئەمین، هیشام زەمان، هونەر سەلیم، جانۆ

ڕۆژبەیانی و مانۆ خەلیل و چەندەهای تر، هەروەها 20 کورتە فیلم پۆلێن دەکرێت بۆ بەشداری کردن لە پێش بڕکێی کورتە فیلمی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە مانچستەر، کە لەم 20 کورتە فیلمانەدا 5 باشترین کورتە فیلم دەستیشان دەکرێت لەلایەن لیژنەی ناوبژیوانی شارەزاوە، فیلمە براوەکان لە 12 شاری بەریتانیا نمایش دەکرێن.

ئەمانەو فیستیڤاڵ کارەکانی دەست پێداکات بە ئاهەنگی گۆرانی و موزیك و خواردنی کوردی، وە کۆتایی دێت بە هەمان شێوە.

لێرەوە داوا لە فیلم کارانی کورد دەکەین لە هەرکوێیەك هەن دەتوانن فیلم مان بۆ بنێرن و فۆرمی بەشداریکردن پڕ بکەنەوە، کە دەتوانن سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن بۆ زانیاری زیاتر و دابەزاندنی فۆرمی بەشداریکردن:

www.kurdishcreativefilm.com

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی فیستیڤاڵ و ناردنی فیلم تکایە پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ ئالان ئەمین ژمارە تەلەفۆن: 00447916288095

لە کوردستان نوێنەرانمان:

ئاکۆ عومەر بەڕێوەبەری تەلەفیزیۆنی پەروەردە لە سلێمانی ژمارە تەلەفۆن: 07703676711

ئەنوەر شێخانی بەڕیوەبەری ئەڤینی فیلم لە هەولێر ژمارە تەلەفۆن: 07504478498

لە کوردستانی ئێران ستار چیمەنی گووڵ ژمارە تەلەفۆن: 00989188709237